www.kurdistannet.org
29-10-2006 6:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هێژا سەرۆکی هەرێم ئاگات لە بەڵێنەکەت ماوە؟ کەریم کەریم الله

ماوەی 5 مانگ لەمەوبەر بەڕێزت لە قەڵاچوان کۆبونەوەیەکی بەرفراوانت لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوولاتیانی شاری هەڵەبجە کۆبونەوەیەکت ئەنجام دا. لەبەر ئەنجامی داوا و گلەیی و سەرنجەکانی ئامادەبوان لەبەرامبەر بەرکەنارخستنی شاری هەلەبجە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ سۆز ڕاکێشانی ئامادەبوان نەك بەڵێنت دا بەڵکو بڕیارت بە ئامادەبوان دا تامانگی 12 ئەگەر بەبریارەکانی بەڕێزت گۆڕانکاری لەڕووی ئاوەدانی یەوە بەشاری هەڵەبجەوە بەدی نەکرا بڕیارت دا دەست لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکێشیتەوە. سەرۆکی هێژا هەربەخۆشتەوە نەوەستای جەنابی کاك کۆسرەتت هێنانیە ناو مەسەلەکەوە کە پێکەوە دەست لە پۆستەکەتان بکشێننەوە؟ ئەوە ماوەی 5 مانگ بەسەر ئەوکۆبونەوەی بەڕێزتان بەسەرچووە و تا ئێستاش یەك بەردنەخراوەتە سەر بەردێك. ئەوە ماوەی 5 مانگ بەسەر بریارەکەتت دا بەسەرچوە تەنیا یەك بڕیارت بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە دەرنەکردووە؟ من بەراشکاوانە تەکید دەکەمەوە تۆ بڕیارەکەتت لەبیر نەچوەتەوە؟باش لەبیرت ماوە چیت ووت؟چ بەڵێنێکت بە خەڵکی هەڵەبجە داوە؟وەباش ئاگاداری ئەوەشیت کە تائێستا هیچ بڕیارێکت بۆ ئاوەدانی شارەکە لەزار نەهاتوەتەدەرەوە. بۆ بەڕێزت هیچ کێشەیەك نی یە ئەم شارە وێرانە یان ئاوەدان؟خەڵکی ئەم شارە کێشەیان هەیە یان خۆشگوزەرانن؟تۆ عادەتت کردووە ئەم ووشەبریقەدارانە لەزارت بێنە دەرەوە و هەمیشە قسەیەك بۆ سۆز جولانی جەماوەر بکەیت چونکە باش لەو حەقیقەتە دەگەیت کە کات دەگوزەرێنیت نەك سوود لە کات وەربگریت؟ بەراستی ئەوە 5 مانگ بەسەر کاتی بەڵێنەکەت دا بەسەر چووە و لای خەڵکی شارەکەش وەك رۆژی روون بەڵێنەکەت بەدیارکەوتن کە تاچەند تۆ خۆت ووتەنی:خۆت بەهەلەبجەیی دەزانی بەلای هەلەبجەیی یەکانەوە ئەوە جێگەیی گومان نی یە کەتۆ تەنیا مەبەستتە بەرزان و ناوچەی بنەماڵەکەت ئاوەدان بێت چش لە هەلەبجەیەکی ناوچەی یۆران. ئەوەی لێرەدا من دەمەوی وەبیر بەرێزتی بهێنمەوە تەنیا ئەوەندە دەمەوێت پێت بڵێم 5 مانگ لەمەو بەر برومان بە بەڵێنەکەت هێنا بەداخەوە ئەمجارە ئەوە ئێمەنین بخەڵەتێین و چەپڵە بۆ بەڵێنی تازەت لێبدەین؟بەهەرحاڵ کەڵەشێریش نەبێت ڕۆژ هەردەبێتەوە. ئەوەش لەلای بەڕێزت ڕوون بێت مێژوو دڵی لەبەرد ڕەق ترە رەحم بەکەس ناکات ئەو بەڵێنەی جەنابیست لەمێژووی ژیانت دا تۆمارکراوە؟ لەدواجار دا تکا دەکەم ئەمجارە لەکۆبونەوەکانتدا ئامادەبوانت لی نەبێتە هەلەبجەیی و پاش کات گرتنیان بەڵێنیان پی بدەین چونکە کەس گوی بۆ ئەو بەڵێنانەت ناگرێت؟بۆ یە هیوادارم تا یەك مانگی دیکە کە وادەی بەڵێنەکەت تەواو دەبێت تەکلیف لە کاك کۆسرەت بکەیت و دەست لە پۆستەکانتان بکێشنەوە؟ بائێمەی هەلەبجەیی چیتر خەون بەبەلێنی بەرێزتەوە نەبینین و تۆش وەك سەرکردەیەکی راستگۆ لەبەر ئەوەی نەت توانی بەڵێنەکەت بەریتەسەر بتبینین کە دەستت لەپۆستەکەت کشاندەوە لەبەر وێرانەیی شاری هەلەبجە